# خوێندنەوەیەك بۆ لە خەوماكەی
# جەمیل سائیب

سەرەتا وەكو رۆژنامەنووسێك هاتووەتە مەیدانی ئەدەب و هونەر، نەك وەكو چیرۆكنووس، ماوەیەك سەرنووسەری رۆژنامەی "ژیانەوە" بووە، بەڵام لەدواییدا لەبەر كاروباری میری وازی لە رۆژنامە هێنا، دوای ئەویش بەینێك بووەوە سەرنووسەری رۆژنامەی "ژین" كە هی پیرەمێردی خاڵی بووە. لا5. ئەو چیرۆكە بە دەستوخەتی چیرۆكنووس خۆی نووسراوەتەوە، "جەمال بابان" پێشەكی و لێكۆڵینەوەی بۆ نووسیوە، لە ساڵی (1975) لە چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد-بەغدا لە چاپ دراوە، لە كتێبخانەی نیشتمانی بەغدا ژمارە (914)ی ساڵی (1975)ی دراوەتێ، بە قەبارەی (15سم × 22سم)ە. "جەمیل سائیب" یەكێك بووە لەو سێ كەسەی كە لە پێشپركێی رۆژنامەی "پێشكەوتن" خەڵاتی وەرگرتووە، هەرچەندە ئەو نووسینەی شتێكی سادەو ساكارە، بەڵام بۆ رۆژی خۆی وەكو نووسین بە زمانی كوردی شتێكی باش بووە، چیرۆكی " لە خەوما"ی "جەمیل سائیب" واقعی سەردەمی "شێخ مەحمود"ی نەمر باس دەكات، ئەو چیرۆكە تەواو نەكراوە، یاخود تەواو كراوە، بەڵام نەگەیشتووەتە دەست ئێمە، بەڵام نووسەر لە شوێنێكی ئەوتۆ كۆتایی بە چیرۆكەكە هێناوە كە مانای تەواوی داوەتە دەست هەروەكو بڵێی تەواو بووە. "جەمال بابان" كە پێشەكی بۆ كتێبەكە نووسیوە تەواو هەڵوێستی لەگەڵ "جەمیل سائیب"ە. دەربارەی هەڵسەنگاندنی سەردەمی حكومڕانی "شێخ مەحمود"، كەچی هەندێك جاریش هەواڵی ئەوە دەدات خۆی وەكو بێ لایەنێك پیشان بدات. گومانی تێدا نییە كەوا كۆمەڵە "مرۆڤ"ێكی ناو شارو ناو كورد خۆی و دەوروپشت و هەموو جیهان دەوری حوكمی شێخیان دابوو كە لێرەدا ماوەی درێژە پێدانیان نییە، دیسان گومانیشی تیا نییە، كەوا "شێخ مەحمود" خۆی پیاوێكی بە ئایین راست و ئازاو نیشتمانپەروەر و دڵساف داوێن و پاك بوو، بەڵام لە هەمانكاتدا پیاوێكی خۆش باوەڕ تەبیعەت عەشایەری و نیمچە خوێندەوار و كەم تەجروبە بوو لە مەیدانی سیاسەتی دەوڵەتاندا. لا16. "جەمال بابان" لە نووسینی پێشەكییەكەیدا زیاتر پشتی بە یادداشتەكانی مامۆستا "رەفیق حیلمی" بەستووە، كە زۆر سەرپێیانە دەوری "شێخ مەحمود"ی هەڵسەنگاندووە، جگە لەوەش "جەمیل سائیب" تەنها لایەنی كەموكوڕییەكانی سەردەمی شێخ باس دەكات رەخنە لەسەردەمەكە دەگرێت، من وای دەخوێنمەوە رەخنەكەی "جەمیل سائیب" كە لە سەردەمەكەی شێخی گرتووە، رەخنەیەكی بنیاتنەرانە نییە و بۆ سوودی گشتیش نییە، بەڵكو تەنها هەڵچوونی كەف و كوڵێكی دەروونی خۆیەتی بە شێخی هەڵڕشتووە، چونكە لە ماوەی ساڵێكدا دوو عەزیزی لێ كوژراون، "شێخ مەحمود"یش بە كوشتنەكەیان تاوانبار كراوە، كە "عارف سائیب و جەمال عیرفان"ن. "جەمال بابان"یش دەڵێت "بۆیە من گومانم لەوە نییە كە كوشتنی ئەم دووانە كارێكی

زۆری کردووەتە سەر دڵ و دەروونی کاکینە "نازناوی جەمیل سائیب"ە سەرنووسینەکەشی هێجگار لەبەرئەوەی کە بەبێ سووچ و گوناهـ هەردووکیان کوژران. دیارە "جەمال بابان" کوشتنی ئەو دوو عەزیزەی "جەمیل سائیب" دەخاتە ئەستۆی شێخ وەکو دەڵێت "لەلایەکی دیکەوە "جەمال عیرفان" کە یەکێك بوو لە منەوەرەکانی ئەوسا برای حەبیبە خانی ژنی و دوای ئەویش برای حەپسە خانی ژنی، دیسان لە مانگی کانوونی ساڵی (1923)دا کوژران کوشتنەکەی ئەویش هەر درایە پاڵ شێخ، ئیتر ئاگای لێ بوویێت یان نا، هەر ئەو لێپرسراوە، چونکە لەکاتی دەست رۆیشتنی ئەودا بووە، لە کاتێکدا کە خۆشی ئاوارەو لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا لە غەریباتی دەژیان.لا24. ناکرێت ئێمە گوللە بە تاریکییەوە بنێین و بڵێین شێخ بەرپرسە لە کوشتن و هەموو خراپەکاری سەردەمەکەی خۆی، بەڵکو دەورو پشتەکەشی کەم تا زۆر رۆڵی خۆیان بینیوە، هەرگیز ئەو قسەیەش مانای ئەوە نییە "شێخ مەحمود" پیاوێکی بێ هەڵە بووە. ئەو رۆشنبیرو خوێندەوارانەی سەردەمی شێخ هەر هەموویان شیریان لە کاڵانێدا هەڵنەکێشاوە بۆ شێخ، بەڵکو کەمێکیشیان گەر قسەیەکی یاخود هۆنراوەیەکی گوتبێت لە دژی سەردەمەکەی "شێخ مەحمود" لە دڵسۆزییەوە بووە، لە کاتێکدا "جەمال بابان" دوو شاعیری سەردەمی شێخ بە نموومە دەهێنێتەوە وەکو "شێخ محەمەدی خالس و حەمدی شاعیر" هەڵوێستی ئەو دوو شاعیرە گەلێك جیاواز بووە لە هەڵوێستی "جەمیل سائیب" ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، بۆ نموونە ئەو شاعیرانەشی نەدەهێنایەوە کە هەردەم لە پاڵپشتی شێخدا بووینە بۆ نموونە "کەمالی" دەڵێت: ئەوا ئەی شەمعی دین پەروانەکەی دەوری چراکەی هات غەریب و دەربەدەر مەجنونی بێ بەرگ و نەواکەت هات لەمەدحی تۆ هەتا هەڵبەستێ هەڵبەستی بە سۆزو تەڕ فیداتم شاعیری شیرین کەلام و خۆش ئەداکەت هات بەشەو بۆ پاسی دەرکی کۆشکەکەت چاکە قبوولی کە گەماڵە پیرەکەی پیران وکەلبی بەوەفاکەت هات ریا ناکەم ئەزانم شاهیدە ئاوێنەی قەلبت فیدای بەندەکەت یەعنی"کەمالی" بەوە ناکەت هات دیوانی کەمالی لا56. هەروەها "ئەحمەد موختار جاف" سەرەڕای ئەوەی ماوەیەك لەلایەن شێخ بەندکراوە کە چی هەر دەیبینن ستایشی شێخ دەکات لە هۆنراوەیەکیدا، بنوارە دیوانی "ئەحمەد موختار" کەچی لەچیرۆکی "مەسەلەی ویژدان"دا رەخنە لە دامودەزگای شێخ دەگرێت. کەچی لەسەرەتا تاکو کۆتایی چیرۆکی "لەخەوما" هەر طلبە و باس لە خراپی سەردەمی شێخە، عەبدولجەبار المطلجی لە کتێبی (النقد الادبی)دا دەڵێت (الحکم علیە بالحسن و القبیح) واتە رەخنە پریاردانە لەسەر چاکی و خراپی، دیارە هیچ یەکێکمان رازی نابین بەوەی هەر باس لە کەموکورییەکانمان بکرێت و لایەنە باشەکانیشمان پشتگوێ و فەرامۆش بکرێت، باشە ئەوە لایەنی باشەی سەردەمی شێخ نییە لە "جەمیل سائیب" بەو شێوە هێرش دەکاتە سەر دامودەزگای "شێخ مەحمود" هەروەها پیرەمێردی شاعیر بە هۆنراوەی : ئەبێ بەخشندە ملکەچ کا لە ئاست موچەخۆری خۆی سوراجی سەرفرێن پیالە تێکا

بۆی سەرەتا "جەمیل سائیب" چیرۆکەکەی خۆی بە خەون دەست پێدەکات کە پیاوێکی بێ کارەو خاوەن ماڵ و منداڵە سەری سوڕماوە کە چ کارێك بکات بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵی بژێنێت؟ بۆیە بڕیار دەدات سەفەر بکات، چونکە هیچ چارەیەکی دیکەی نییە. شەوێك لە خەوما واگیرم خواردوو، ساحێب کولفەت و منداڵ بێ پول وبێ پارە، زۆر ئەحوالێکی خراپ و ناخۆشم هەیە، هەر بیر دەکەمەوە لەبەر خۆمەوە دەڵێم، یارەببی چی بکەم، چۆن هەوڵێك بدەم شتێکم دەستکەوێ، ئیدارەی خۆم و ماڵ و منداڵی پێ ڕێك بخەم و لەژێر باری قەرزو نەبوونیدا دەربچم، هەر چەندە سەرم هێناو برد غەیری سەفەرکردن هیچ چارەیەکی دیکەم بۆ خۆم نەدۆزییەوە. لا29. شار بێ حاکمە و یاسای تێدا نییە، بۆیە هەر کەسێك دوو پیاوی هەبێت دەبێت ڕێگرو ڕێگا لەو کاروان دەگرێت، جا ئەو کەسەی خاوەن دەستی خۆیەتی ئەوە باشە ئەگینا کاری خراپە دزو جەردە رووتی دەکاتەوە "یاخوا دوژمنی ئیمانت بێ ئەو ڕۆژە لە سێ چوار لاوە جەردەو ئەشقیا هاتنە سەر ڕێگامان بوو بە تەقەو هۆری تفەنگ و شەڕو هەرا، فەقەت کاروانەکەی ئێمە قەڵەبالغ بوون هەموو تفەنگیان پێبوو، لەبەرئەوە جەردەکان هیچیان زۆریان بەسەریاندا نەدەشکاو نەگەڕانەوە. لا30. چیرۆکنووس دیمەنی ئەو شەوەمان بۆ دەگێرێتەوە ترس لە لایەك سەرماو سۆڵە لە لایەکی دی، بارانیش تنوك تنوك دەبارێ و وردە وردەش لە زیادبووندایە، ئەویش لەسەرتاپای لەشی ئاو دەچۆڕێت، دنیا لە پاش نیوەڕۆوە بوو بە هەورو هەڵلا، کزەبایەکی زۆر ساردی ئەهات، جارجار بروسکەو چەخماخەی ئەدا، پاش عەسر تنۆکە تنۆکە دایکردە باران، ئێمەش هەر ئەڕۆین ئەڵێین لەسەرخوا، هەرچۆنێك بێت هەر بڕۆین چاکە، بارانیش هەتا ئەهات زیاد دەکات منیش لەسەرما وەختە زیرە بکەم، شەویش هات بەسەردا تاریك و تنۆك، ترس و لەرز سەرماو باران زەندەقدار زەندەقی دەچوو، منیش ئاو لە تەپڵی سەرمەوە دێتە خوارەوە. لا31. ئیتر هەرچۆنێك بێت بەرەبەری بەیانی گوێبیستی سەرگەلی ئاوایی دەبن، کە ئەویش نیشانەی گەیشتە مەنزل تروسکەی ئاگرو دوور بە دووری ئەبینرا، بەڵام چ گەیشتنێك سەد خۆزگە بە ترس و لەرزی ڕێگا لە دەمی شێر ڕزگاریان دەبێت دەکەونە دەمی گورگ، لە پڕ سێ پیاوی تفەنگ بە دەست ڕێگایان پێدەگرن کاروان ئەدەن بەملاو بەولادا سەرو پۆتەلاکی سێ چوارێکیان کوتایەوە دیارە ئەویش بێبەش نایێت لەو تێهەڵدانەو یەك دوو شەپازللەی مزری بەردەکەوێ، پاش ئەو شەق تێهەڵدانە ئینجا پرسیارو وەڵام دەست پێدەکات بارتان چییە؟ چیتان پێیە لە کوێوە دێن؟ خەلقی کوێن.. تاد، هەتا نۆرە دێتە سەر ئەو قەدەرێك سەیری قەدو قیافەی دەکەن و لێی مۆر دەبنەوە ئینجا دەکەونە پرسیار لێکردنی، بەڵام لەبەر ئەوە شەوە چاو چاو نابینێ شقارتەیەك دادەگیرسێنی بۆ ئەوەی باشتر سەیری بکات ئەمە چییەو کێییەو لە کوێوە هاتووە؟ لێرەدا چیرۆکنووس هەوڵدەدات هەرچی سیمای ناشیرینی پیاوی حکومەت هەیە بە خراپی پیشانی خوێنەر بدات، چونکە کاروانچییەکان هەوڵ دەدەن قەناعەتیان پێبهێنن، بەڵام سوودی نایێت تاکو

گیرفانی ئەویش نەیرن دڵیان ئاو ناخواتەوە، بەڵام بە داخەوە ئەوان گەلێك بێخەبەرن لەوەی کە گیرفانی بە تاڵەو هاتووە کاسبی بۆ خۆی بکات و پارەیەك بۆ ماڵ و منداڵی پێکەوەبنێ، بەڵام هەیهو پیاوی هەژار لە کوێ و پیاوی حکومەت لە کوێ! دیارە پاڕانەوە سوودی نایێت، بۆیە پیاوانی حکومەت ناچار دەبن سیفەتی جاسووسی بدەنە پاڵی، ئەگەر نەتوانم گیرفانت ببڕم، دەتوانم کێشەت بۆ پەیدا بکەم. کابرای کاروانچیان بانگکردە لاوە، لەگەڵ ئەویش قەدەرێك چرپە چرپیان کرد، کابرایەکیش هات بەلای منەوە گوتی باوکم ئەمانە بەهیوای ئەوەن شتێکیان بدرێتێ، منیش سوێندم بۆ خواردن کە تۆ لە هیچیان نیت و هیچیشت نییە بیاندەیتێ فەقەت ئەوان هەر دەست هەڵناگرن و چۆن لەژێر چنگی ئەم بەدبەختانە دەرت بێنین، منیش تێگەیشتم کە ئیشەکە ناڕەحەتەو ئەمانە تەشقەڵە ئەکەن، یان ئەبێ شتێکیان بدرێتی یان ئێمە بە قەڵبەیەکدا ئەدەن و منیش کێچ لە باخەڵمدا بۆ پولێك سەوزەڵە گیانم ئەڵێ، ل 34. چیرۆکنووس سەفەرەکەی بە چەند قۆناغێك یاخود چەند بەشێك داگیرکردووە یەکەمیان چۆنییەتی سەفەرەکەی تاکو گەیشتووتە خان، بەشی دووەمی لە خانەوە دەست پێدەکات وشەی خان واتە جێگای راگرتنی وڵاغ کە خەڵك لە شوێنی دیکەوە دەهاتن وڵاغیان تێدا دەبەستەوە، هەر لەگەڵ وڵاغەکاندا خاوەن وڵاغیش دەمایەوە، بە خاوەن خانیش دەڵێن خانچی، کاتێك دەگەنە خان بە هەر جۆرێك بێت شوێنی خۆی دەکاتەوە، بەڵام شین و گریانی دراوسێ خانە بواری نوستن نادەن، پرسیار دەکات دەڵێن ئەوە کەسوکاریان کوژراوە گوێم گرت لەو نزیکانەوە لە ماڵێك دەنگی شیوەن و گریان و لاواندنەوەو کورزاندنەوە یەت ئەمما چۆن دەنگێ، هەروا بەردی ئەتواندەوە، هەروەك بهێنی ساجێك ژیلەمۆ بکەینە جەرگمەوە ئاگرم تێبەربوو، خۆم لە بیرچووە بێ پەروا وەکو شێت راپەڕیم چوومە دەرەوە لە خانچەکەم پرسی گوتم ئەم شیوەن و گریانە چییە؟ ئەوە هیچێکی وا نییە ئەو ژن و منداڵانە مێرودو باوکیان کوژراوە. ل 35. کابرای خانچی زۆر بە ساکارییەوە باس لە کوشتن دەکات هەروەکو بڵێی راهاتووە لەلای بۆتە کارێکی ئاسایی، چیرۆکنووسیش زۆر پەرۆشە بۆیان، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سەرتاپای چیرۆکەکە باس لە کوشتن و بڕین دەکات وەکو بڵێی شارەو ئاگری بەسەردا دەبارێت و خوێنەر تووشی نا ئومێدییەکی زۆر دەکات و هەتا وای لێدێت رەشبین بێت بەرامبەر سەردەمەکەی. چیرۆکنووس لەو دیمەنە دەبێتەوە دێتە سەر دیمەنێکی تاڵتر ئەویش دەنگی تەقەی تفەنگ و هەراو زەنا، دیسان پرسیار لە خانچی دەکاتەوەو خانچیش بێزاری دەردەبڕێ و دەڵێ گەر من هەر وەڵامی تۆ بدەمەوە دەبێت خەریکی هیچی تر نەبم، تۆ هێشتا شتی وات نەدیوە بۆیە هەموو شتێك دەپرسی؟ خاوەنی ئەو ماڵە چەند رۆژێکە لەسەر جاسووسی و ماسوسی گیراوەو فەلاقەیەکی زۆرکراوەو لە پاشان داوای جەزایەکی زۆر کراوە، ئەویش پارەی نەبوو بیدا ماڵەکەیان فرۆشتووە ئەویش بەشی جەزای نەکرد ئێستاش خۆی هەر حەپسەو کەچی ئەو فەقیرە دز هاتۆتە سەر ماڵەکەشی ئەو

تۆزە پروپیشەیشان کە ماوە هەڵبەت بردویانە، وا تفەنگیشیان پڕوە دەنێن، ئێستا منداڵێکی نەکوژرا بێ هەر باشە. ل 39. بەڕاستی ئەوەیە شاری بێ حاکمە، هەرچی کارەساتی ناڕێك و جەرگ پڕ هەیە جەمیل سائیب کۆی کردۆتەوەو خستوویەتە پاڵ دامودەزگای ئەو سەردەمە، کورد دەڵێت ماڵ نەبوو میوانیشی هاتە سەر، عەرەب دەڵێت (ناقد شئ لا یعطی) ئاخر ئەو قوربەسەرانە ئەو هەموو کارەساتە جەرگبڕە یەك لە دوای یەکانە چۆن بەسەریاندا هاتووە؟ چیرۆکنووس شەو تا بەیانی بە دوای ئەو وەڵامانەدا دەگەڕا کە ئەو بە چاوی خۆی دیبوی بەدەم ئەو پرسیارو وەڵامانە بەیانی لێ دەبێتەوە لە دەرگا دەدرێت و سێ زەبەلاحی گەورەی تفەنگ بە دەست بەدوای کابرای جاسوس دەگەڕان کە خۆیەتی، هەرچی دادو فیغان و پاڕانەوە هەبوو کەڵکی نەبوو راپێچی زیندانی دەکەن، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو کەوتنە وێزەی گیانی بە شەق و زللەو لێدان و سەرو سەکوت کوتانەوە پێش خۆیان دام یاسا هیچ رۆڵێکی نییە، بەڵکو یاسای گیرفان رۆڵی خۆی دەبینێت، هەر کەسێك دەیگرێت بە بارێك برنج و هیزەیەك رۆن پێستەیەك پەنیر بەڕەڵا دەکرێت چۆن حەپسکراوە کێ حەپسی کردووە بۆچی حەبسکراوە؟ ئەوە هەر هی خۆمان بوو، بە قەبری باوکم قبوڵی ناکەم، ئا فڵانەکەس بچۆ بڵێ هەر ئێستا ئەبێ کوێخا فڵان بەڕەڵا بکرێ، هەر ئەمشەو ئەبێت بێتە دەرەوە، (لە دڵی خۆما گوتم خۆزگەم بەخۆی)، شڵپ دەستی ماچکرایەوە، ئەویش برایەوە، ل 46. ئەوە حاڵ و باری دارو دەستەی حکومەت بوو کە کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن. هەر لەو ژوورە لە ماوەی کاتژمێرێك سەد گیروگرفتی تێدا چارەسەرکرا، وەکو مەحکەمەی لاهای مەجلس لوزان و (عسبە الامم) نانی چەند کەس پراو خوێنی چەند مەزلوم ونبوو، چەند کەس دامەزرا حەق و ماڵی چەند کەس زەوتکرا. ل 47. یەکەمین چینی کۆمەڵ کە پێشوازی لێدەکرێت پیاوی ئایین (مەلا) دەیەوێت فوتوایان پێ دەرکات کە ئەوانە جاسوسن لە رێگا لایان داوە بۆیە روو دەکاتە مەلاکان دەڵێت (ئەی عولەمای میللەت بزانم ئێوە دەرهەق بە مانە بەم زاڵم بێ دین و متەدانە قسەتان چییەو ئەڵێن چی ئاخۆ ماڵ و حاڵ و ژنی ئەمانە چییان دەرهەق بکرێت باشە) لە وەڵامدا پیاوانی ئایینی مێزەر بەسەرو سیواك هەڵگر، فەتوای ئەوە دەدەن(لازمە ماڵیان هەموو بۆ (بیت المال سەرف بکرێت)، ژنیشیان لێ تەفریق بکرێ و ئەمانە لە پاش مروری عدەی شەرعی ئەتوانن شویەکی دی بۆخۆیان بکەن) ل 52. کێشەو ململانێ سەردەمی شێخ گەلێك ئالۆزو نالەبار بوو هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی سەرچۆپی ئەگرت و کوردیش دەڵێت سەرچۆپی بدە گامێشی بۆ ناندینی رایدەکێشێ، ئەو سەردەمەش حکومەتی عوسمانی شکستی هێنابوو بەرامبەر سوێندخۆرەکان، دیارە هەندێك کەس بەرژوەندیان لە دەستدابوو بۆیە هەوڵیان دەدا ئەو بەرژوەندییە لە رێگای شێخەوە بە دەستبهێنن(مەسلەحەت بۆ تۆ وایە لەگەڵ تورکاندا رێکبکەوێ و بە ئەمرو قسەی ئەوان هەڵسورێت بنێری بە شوێن ئەواندا کە بێن لێرە دانیشن، ئەوسا ئێرە بە تەواوی بۆ تۆ ساغ دەبێتەوەو شکلی

حکومەت دەگرێ ل 60). لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێکی دی سیاسەت و دەسەڵاتی ئینگلیزەکانیان پێ باش بوو هەوڵیان دەدا قەناعەت بە شێخ بهێنن کە دەستی لەگەڵ ئەواندا تێکەڵ بکات، کەواتە شێخی نەمر کەوتبوو نێو دوو بەرداشەوە لەلایەك تورك خوازەکان لەلایەکی دیکەوە ئینگلیز ویستەکان. قوربان ئێستا ئیش بە رەنگێکی وا دیاری داوە کە منداڵی ساواش تێدەگاو ئەیزانێت ئەم میللەتەو ئەو وزیعەتە بێ ئەوەی حکومەتی ئینگلیز دەستی بەسەردا بکێشێ و پشتیوانی بکات ناژی و سەرناگرێ، ئەگەر ئێمە ئومێدێکمان بە بوونی خۆمان و سەربەرزی گەورەیی وڵاتەکە بێ هەر بەواستەی حکومەتی ئینگلیزەوە ئێستا کەوا ئێمە هەوڵی ئیشمانە چاومان لە روناکی پاشەرۆژمانە، دیارە خۆمان لە خۆمانەوە هیچمان بۆ پێك نایەت و سەرناگرێ چونکە سەردەت بەسنعەت نە تیجارەت هیچێکی وامان هەیە کە خۆمانی پێ بژێنین لەبەر ئەوە ئێمە معین و پیشتوانێکمان ئەوێ کە ئەویش مەگەر هەر حکومەتێکی گەورەو بەدەست و دەوڵەمەندی وەکو ئینگلیز بێ، ل 65. لێرەدا دەبینین چیرۆکنووس شێخ مەحمودی کردۆتە داشی دامە هەر کەسێك دێت بە ئارەزووی خۆی گەمەی پێدەکات ئەویش دڵی کەسیان لە خۆی ناڕەنجێنێ وەکو جەماعەتی ئەشهدو بیلا، من وا هەست ناکەم شێخ هێندە کەسایەتییەکی لاوازی هەبووبێت وەکو ئەو شێوەی جەمیل سائیب وێنەی کێشاوە لە چیرۆکەکەیدا لە سەردەمی شێخ مەحمود گەلێك کەس بە چەك دژی وەستابوون، (جەمیل سائیب) ی چیرۆکنووسیش بە قەڵەم دژی وەستاوە. لە رووی هونەرییەوە چیرۆکەکە توانیویەتی تەکنیکی چیرۆك بەکاربهێنێت کە بۆ سەردەمەکەی خۆی گەلێك باش بووە، هەروەها لە رووی داڕشتنەوە کە هەندێك وشەی عەرەبی بەکارهێناوە کە ئەویش زمانی ئەو سەردەمە بووە ئەگینا لە رووی ماناو رێزمانەوە گەلێك لە چیرۆکەکانی ئێستادا سەرکەوتووترە. هەروەها توانییەتی گەلێك پەندی پێشینان لە چیرۆکەکەیدا بەکاربهێنێت کە هەموویان لە جێگای خۆیاندایەو تام و لەزەتێکی جوانی بە چیرۆکەکەداوە وەکو (باران وا دەباری دەتگوت کوندەی سەرەو ژێرە) ل 31. هەروەها (تاریکە شەوە گەلالی لە ناو) (شەوبوو تاریکە و ئەموستە چاو) (کێچ لە باخەڵمدا بۆ پولێك سەوزەڵە گیانم ئەڵێ) (دارپوزای لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ).

تەماشای ئەو سەرچاوانەکراوە:

1. چیرۆکی هونەری کوردی/ حوسێن عارف
2. چیم دی / ئەحمەد خواجە.

http://www.kurdistanreport.com/detail.aspx?page=articles&c=culture&id=7304